


**سەید کەماڵ ئیبراهیمی**

ئەم باسە لە سەر گرینگی ئاسەوارو شوێنەوارەکانی کۆنی کوردستانە و کەڵك وەرگرتن لە تەکنیکە نوێیەکانی تاقیکردنەوەی شوێنەوار لە بواری زانستی‌یەوە. مێژووی نەتەوەی کورد دابڕان و بازنەی ون بوون زۆرە بەڵام ئەگەر بایەخ بە ئاسەواری کۆن و شوێنەوارەکانی دێریی کوردستان بدرێت و بواری ئەوە بخوڵقێت کە تاقیگەی تایبەت لێکۆڵینەوە لە ئاسەوارەکان بکات بە دڵنیایەوە ئەم تەمی نەزانینی مێژووی کوردە لە ناو دەچێت و بە روونی دەتوانین باس لە مێژووی نەتەوەیەکی کۆنی ئاسیا بکەین کە بە دەیان هەزار ساڵە لەم شوێنە دا جێنشین بووە. ئەوە وا پێویستە بزانین بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئاسەواری کۆن پێ دەڵێن "ئارکێولۆژی، زانستی شیکردنەوەی ئاسەواری کۆن"[١] ئاسەواری کۆن لە شوێنی کۆن وەدەست دەکەوێ وەك ئەو شوێنە وا ئاماژەی پێ دەکەین "لە پردە پەلکە نێوان کەرکوك و سلێمانی هەندێك کەل و پەل دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی دێرین. لە گەڕاندا شوێنی کاری ئەو کەلو پەلانەشیان دۆزیوەتەوە وەك تەوەر و ئامێری دیکەی لە بەرد درووست کراو، لە بەردی (کلیسیش) بە شێوەیەکی زۆر ورد شانە دروستکراوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٢٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر"[٢] ئەم قۆناغەش لە بواری زانستی‌یەوە پێی دەڵێن "پالیۆلیتی، کۆنترین قۆناغی چەرخی بەردینی کۆنە"[٣] ئەوە روون بوەوە کە لە مێژووی دێرینی کوردستان دا کەڵکیان لە بەرد وەرگرتووە بۆ سازکردنی شتوومەکی پێویست بۆ ژیان بەڵام بوونی شانە ئەو پێشان دەدات کە مرۆڤ هەوڵی ژیانی شارستانی داوە کەلکی لە هەموو جۆرە کەرەستەیەك وەرگرتووە.

لێرەدا دووبارە دابڕان دەبینین، کاتێك دەمانەوێ باسی مرۆڤی کۆنی کوردستان بکەین ناتوانین باسی مرۆڤی ئەشکەوتی شانیدەر نەکەین "ئەو مرۆڤانەی لە شانیدەر دا جێنشین بوون مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر پاش شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو شتانەی لە چوار دەوری پاشماوەی لاشەکەدا دۆزینەوە لە تاقیگە لە ژێر میکرۆسکۆبدا، دوکتۆر راڵن بۆی دەرکوت ئەو جۆرە مرۆڤانە هەشت جۆرە گیایان بەکار هێناوە بۆ لە گۆڕنانی مردووەکانیان و ئو مرۆڤانە راخەری گوڵینیان بۆ مردووەکانیان راخستووە و بە گوڵیش دایانپۆشیون"[٤] لە کاتێك دا مرۆڤی کۆنی کوردستان "شانیدەر" بەڕێز و حورمەتەوە مردووی خۆی ناشتووە و گڵ کۆی بە گوڵ بۆی بە کوڵ بۆی ساز کردووە، لە هیچ کام لە شوێنەکانی دیکەی ئەم جیهانەدا، وا ئێسك و پرووسکی مرۆڤی کۆن دۆزراوەتەوە بەڵگەیەك نییە ئاماچە بە کارێکی وا بکات. ئەگەر ئەم بەڵگە نەدەبوو، ئەگەر تاقیگەی تایبەت نەدەبوو، چۆن دەکرا باسی مێژووی نەتەوەی کورد لە هەزاران ساڵ پێشتردا وا بە شانازییەوە باسی بکرێت. لە شوێنەکانی دیکەی جیهان دا مرۆڤی دێرین دۆزراوەتەوە وەك "مرۆڤی دۆڵی نیناندەرتاڵ لە دۆسیلدورفی ئاڵمانیا"[٥] و شوێنی تر "مرۆڤی وڵاتی فەرەنسا لە ناوچەی (Mosterian)دا ژیاوە"[٦] ئەوە ئەرووپا بەڵام لە ئاسیا "مرۆڤی (سینانترۆپووس) لەپکەنی چین و مرۆڤی جارە لە ئەندۆنێزیا دۆزراوەتەوە"[٧] لە رۆژهەڵات تا رۆژ ئاوای جیهان مرۆڤی کۆن کەم و زیاد ژیاون و شوێنەواری بەشێك دۆزراوەتەوە و بەشێکی دیکە نەدۆزراوەتەوە بەڵام بە پێی سەرچاوەکان مرۆڤی تر وەك مرۆڤی شانیدەر نییە کەوا لە گەڵ مردووەکاندا جوڵابێتەوە لە شوێنەکانی تر جێهان دا مرۆڤی کۆن کەسووکاری خۆیان دەکوشت بۆ خواردن یان لە دوای مردن یان لاواز بوونی ئەوبو بە خۆراکی خۆیان بەڵام تا ئێستا لە کوردستاندا ئاسەواری ئەم کارانە نەدۆزراوەتەوە.

ئەوەش نییە بڵێین لە ئەم شوێنانە گوڵ نەبووە بەڵام کەڵکیان لێوەر نەگرتووە یا بە پلە لە شارستانیەت نەگەیشتوون. "مێژووی داری بە پلە سان وەك مێژووی ئادەمیزاد زۆر کۆنە لە هەندێ شوێنی وڵاتی سویسڕا و باکوری ئیتالیا دا چەندین پاشماوە و شوێنەواری ئەم درختە دۆزراوەتەوە کە دواتر بە هۆی بەکار هێنانی کار بۆنی ١٤ دەرکەوت کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین"[٨] کاتێك باسی مرۆڤی شانیدەر دەکرێ ئەبێ

جیاوازی یا تایبەتمەندی‌یەکانی چ لە بواری کەلە سەرەوە چ لە بواری لەشەوە لە گەڵ مرۆڤی کۆنی شوێنەکانی تر باسی بکەین. مرۆڤی شانیدەر لە مرۆڤی شوێنەکانی تر بەهێزتر، گەورەتر و ژیرتر بووە بەڵام ئەمە بە بێ بەڵگە نابێت. "پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی (morphology) واتا توێکاری لەشی مرۆڤ جا وا تا رادەیەك زۆر هاوشێوەیە لە گەڵ توێکاری لەشی مرۆڤی دێرینی وڵاتی ئوستراليا و ئەو نەوانەی لیيانەوە پەیدا بوون"[٩] جا ئێستا باسی مرۆڤی وڵاتی ئوستراليا بکەین "جۆرە مرۆڤێکی نەناسراو کە بچووك بوون، تەنها مەترێك درێژيان بووە. لە دەروازەکانی ئوسترالیادا دەژیان تا نزیکەی ١٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بە ناوی (Hobbit) کێشیان دەوروبەری ٢٥ کیلۆگرام دەبێت، مێشکیان بچوکترە لە زۆربەی شەمپانزییەکان، ئاگريان بەکار هێناوە"[١٠] بەڵام کاتێك شوێنەوارناسەکان و ئارکیۆلۆژستیەکان باسی مرۆڤی شانیدەر دەکەن دەڵێن "گەشە کردن و گۆڕانی مێشکی مرۆڤ لە ئەشکەوتی شانیدەرەو دەستی پێکردووەو وشیاری مرۆڤ لە وێوە دەستی پێکردووە، تەنانەت دوکتۆر راڵف سۆلکی لە راپۆرتەکانیدا دەڵێت هەموو شارستانیەت و پێشکەوتنێك لە دەمی ئەشکەوتی شانیدەرەوە هاتووەتە دەرێ"[١١] لە کاتێکدا وا مرۆڤی شوێنەکانی تر وا وردیلانە بوون و لە نێوان گیانلەبەراندا رەگەزی مێینە چوکەترە بەڵام لە شانیدەر دا وانە بووە "پاشماوەی ئێسکەکانی شانیدەر وا پێشیان دەدەن کە مێینەکانیشیان وەك پیاوەکانیان پتەو بوون"(١٢) ئەبێ ئەو بەشە روون بێتەوە وا لە سەرچاوەکاندا ئاماژەمان پێکرد کە بۆ تاقیکرنەوەی ئەمانە کەڵك لە کاربۆنی ١٤ وەرگیراوە. کاربۆنی چواردە بۆ چ کەرەستەیەك و چ ئاسەوارێك بەکار دێت؟ "کاربۆنی ١٤ ($C^{14}$) بە کار دێت ١/ بۆ دیاری کردنی تەمەنی دار ٢/ دیاری کردنی تەمەنی خەڵوزی بەردین ٣/ دۆزینەوەی ساڵی دروستبوونی کتێب بە هۆی پەڕەکانیەوە ٤/ دۆزینەوەی تەمەنی گیاندار بە هۆی ئێسکەکانییەوە ٥/ دیاری کردنی تەمەنی کەرەستەی چەرمی کە مرۆڤ دروستیکردبێ ٦/ دیاری کردنی تەمەنی مادە ئۆرگانیکەکان"[١٣] ئەمە باسێکی کورتە لە سەر ئەشکەوتێکی کوردستان، لە کوردستاندا سەدان و هەزاران ئەشکەوت هەیە لە گرینگترین ئەشکەوتەکانی کوردستان دەتوانین ئاماژە بە ئەشکەوتی پڕ ئاو لە کرماشان قۆڕی قەڵا لە پاوە، ئەشکەوتی پالنگان لە هەرامان، کونا شەم شەم لە مەریوان، ئەشکەوتی دێوزیندان لە بیجار، باشلاخ لە هەوشار، بکەین بەشێکی تری باسی ئەشکەوتی کۆنی کوردستان لە سەرچاوەکان دێنینەوە. "پاشماوە دۆزراوەکان لە ئەشکەوتەکانی (هەزار مێرد، زەرزی، پالە گەورە) دا دەرکەوتن هەر لە چاخی بەردینی ناوەڕاست نییە، بەڵکوو چاخەکانی دواتریشی گرتۆتە خۆ کە سەردەمەکەی لە چاخی بەردینی ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکات"[١٤] هەر لەم کاتەدا وا ئاسەواری ژیانی مرۆڤ لەم ئەشکەوتانەدا دۆزراوەتەوە. هاوکات بووە لە گەڵ شانیدەر دا بەڵام ئاسەواری ئەشکەوتی شانیدەر سەرچاوەی زۆرتری لە سەرە. "باشترین ئاسەواری کەڵەکە بووی ئێسك و پرووسکی بزن و باڵندە لە ئەشکەوتی شانەدەر دایە، هەموو شتەکان ئەوەیان دەگەیاند کە چێشتخانەیەکی نا ئاسایی لێرەدا بووە"[١٥] لە کوردستاندا مرۆڤی کۆن "شانیدەر" کەڵکی لە بەرد بۆ دروستکردنی تەور، شانە، وەرگرتووە لە ئاگر بۆ گەرم کردن و چێشت لێنان کەڵکی وەرگرتووە. کاتێك دەڵێیت چێشت خانەی نا ئاسایی ئاماژە بەوە دەکات کە کەخەڵکی زۆر لەم چێشتخانەدا خواردنیان پێك هێناوە، وادیار دەکەوێ کە مرۆڤی کۆن لە کوردستاندا بە کۆمەڵ ژیاون و رێ تێدەچێ بۆ راوی زۆرتر و تێرکردنی ئەو هەموو خەڵکە کەڵکیان لە ئاژەڵە راوکەرەکان وەك سەگی راو وەرگرتبێ. لە سەرچاوەکاندا باسی سەگێکی راوی تایبەت لە مێژووی کوردستاندا دەکرێ "گرینگترین گیانەوەری نایابی کوردستان سەگێکی راوە بە ناوی هاریرر (Harrier) کۆمپانیای دروست کردنی فڕۆکە لە بەریتانیا بچمێکی تازەی فڕۆکە جەنگیەکان هێزی ئاسمانی خۆیان بە ناوی (Harrier) ناوزەد کردووە کە لە ئاسمانی ئارنجەگانی سەر زەوی راو دەکات"[١٦] مرۆڤی ئەو سەردەمە کاتێك کەرەستەی دروست کردووە، ئاگری بەکار هێناوە، ئاژەڵی دەستەمۆ کردووە، گەورەترین هەنگاوی بۆ پێك هێنانی کۆمەڵگەی شارستانی ناوە بە پێی ئەم سەرچاوانە ئەگەر کوردستان بە ئەوەڵین شوێنی پەیدا بوونی شارستانیەت ناو ببەین هەڵەمان نەکردووە. بۆ زانینی گرنگی ئەو خاکە دا ئەوەڵین شارستانیەی تێدا پەیدابووە پێویستە ئاماژە بە وتەیەکی پرفسۆر دکتۆر ئێدواردشی بدا بکەین کە دەڵێ: "من هێشتا خاکێك کە لە رووی لێکۆڵینەوەی ئارکێولۆژیکی‌یەکان پڕ بایەختر لە (Mesopotamia) بێت پەیدام نەکردووە. وڵاتێك کە دەتواینن بە گەنجی شاراوە ناودێر بکەین"[١٧] زۆر شوێنی کوردستان هەیە پێویستی بە کاری لێکۆڵینەوەی قوڵە لە بواری زانستی‌یەوە یەکێکی تر لە تەکنیکە نوێیەکانی شوێنەوارناسی لە دوای کاربۆنی ١٤ ($C^{14}$) تەکنیکی (Ams) دەتوانین ناو ببرین. "Accelerator mass pectrometry" بە هۆی ئەم تەکنیکەوە دەتوانرێ تەمەنی دەنکە گەنمێك دیاری بکرێت"[١٨] لە مێژووی دێرینی جیهان دا باسی چاخی بەستەلەك و سەهۆڵبەندان دەکرێ و دەڵێن هەموو شوێنەکانی جیهان لە سەهۆڵ داپۆشرابوون. ئەم باسە لە گەڵ باسی ئێمە دا یەك دەگرن. ئێمە ئاماژەمان بە چەن ریکروتێك کردو چەن چاخێکمان باس کرد کە



دەکەوێتە نێوان چاخی بەستەڵەك و ئەبێ ئەوە روون کەینەوە لە کاتێك دا هەموو جیهان سەهۆڵ بووە بە چ شێوەیەك مرۆڤ لە کوردستاندا ژیاوە. لێرەدا دوو خاڵ وەبەرچاو دەکەوێ یەکەم ئەوەیە مرۆڤی کۆنی کوردستان توانیویە لە گەڵ ئەو سەهۆڵبەندانەدا هەڵ کەن و خۆیان دەرباز کەن، خاڵی دووهەم ئەوەیە کە کوردستان بە پێی ئەوە شاخاوی بووە بەڵام لە شوێنەکانی تر گەرمتر بووە. ناکرێت بڵێن لە چاخی بەستەڵەك دا مرۆڤ لە کوردستان نەبووە، لە بەر ئەوەی شوێنوارو ئاسەواری مرۆڤ لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە. لە کتێبی زماناسی کورداو مێژووی کوردستان وا ئاماژە بە چاخی بەستەڵەك دەکات"مەودای زەمەنی چاخی سەهۆڵبەندان تا چاخی بەردین بە سەردەمی"بلاستۆڵسن" ناودێر دەکرێ.

لەم چاخەدا ناوچەکانی ئەورووپاو ئەمریکای باکوور بەستەڵەك بوون. ئەم رووداوە لە نیو میلیون ساڵ پێش رووی داوەو لە(٢٠/٠٠٠ پ.ن) کۆتایی پێهاتووە"[١٩]

مرۆڤی کۆنی کوردستان بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵەی رابردوو لە کوردستاندا ژیاوەو بە سەرماو سەهۆڵبەندانو ئاژەڵە درندەکانو هێرشی خەڵکانیتر لە ناونەچووە هەوڵی دا لە بێبایخترین ستوومەك باشترین کەرستە بۆ ژیانی خۆی ساز بکا.

"بە گوێرەی مێژوواندنی تیشکی کاربۆنی ١٤و کرۆنۆلۆژیایی پۆلینکردن(pollen chronologr)و کردەی رووبارە سەهۆڵبەندانەکان(glacier)(ice recession) لە ئەورووپادا توانەوەی سەهۆڵ لە دەوروبەری(١٨/٠٠٠ پ.ن) لە چیاکانی ئالپەوە دەستی پێکردووە."[٢١]

بەڵام بە پێ سەرچاوەکان دەکرێت باسی ئەوە بکەین کە کوردستان لە ئەورووپاو ئەمریکا گەرمتر بووە. هەمووی ئەم سەرچاوانە باسی ئەوە دەکەن لە ئاسەوارێکی چووکە لە مێژووی نەتەوەی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ پێك هاتووەو دەبێ نەوەی نوێ نەتەوەی کورد رێزی ئەم ئاسەوارانە بگرنو هەوڵی پاراستنی بدەن. هەر دانەیەك لەو کاسەو گۆزەو دێزە گڵێنانە، لاپەرەیەك لە مێژووی دورودرێژی نەتەوەی کوردن.

هەمووی ئەم ئاسەوارانە بە بەردو قورو ئێسكو پرووسكو کاسە سەرو زێرو زیو هەمووی یەك بایەخی هەیە دەڕواتە خانەی ئانتیکەوە."ئانتیك (Antike) لە زاراوەدا بەشێکی کۆنینە دەوترێ کە لە دیدی شوێنەوار ناسیەوە بایەخی هونەری یا بازەرگانی هەبێ"[٢١]

**تێبینی: سەرچاوەکان لە ئارشیوی لاواندا پارێزراون**

■

